www.kurdistannet.org
11-7-2007 19:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕەشبەڵەکی مەرگ .. نووسینی / رانیە .. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە / مەحمود هەمەوەند

هەڵپەرکێی مەرگ کۆتایی هات
ئەمرۆ دەست بە بەرد بارانی یادگارییەکانت دەکەم
ئەمەوێت دووربیت لە ئاسمانم
دووربیت لەخوێن هەڵکفانم
سەردەمی باوەڕو شکۆمەندێتیت بە سە ر چوو
بەتەمەنی شەیدا بوونتدا چوومەوە
بینیم چەند سەربڕین خانەی تیدا بوو؟؟
چەند خوێن ڕژان؟ چەند فرمێسکی سوورو گریان؟؟
ئەوجا چەند نا پا کیت نووانـد... چەنی چەنی چەندت نووانـد؟؟
ئای کە بینیم چەندی بەهای ڕاستگۆیشم
لە سەر سەرم کەوت بەگران؟
تۆ نازانیت چەند تام و چێژی کوشتنی ووشەکانم....
چەندێك تا ڵ بوو ن؟؟
ئێستا هەڵدێت.... .... .
هەڵدێت لە دە نگم... هەڵدێت لەترس ڕوو بە ڕوویی ڕاستگۆییە کان
بەڵام بۆ کوێ؟؟
لەکام گلکۆ ئۆقرە دەگریت!.... کەدەڕوانیت ئۆقرەی خۆتی تیا نێژراوە
کوشتار گەکان جیگای نەما هێندە سەبری خۆتت هێناو سەرتبڕی
جێ نەماوە... جی نەماوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.